## ئەشکەوتی سەهۆڵان

گۆڤاری مەهاباد لە ژمارە ٨٧ ی خۆیدا وتارێکی ڕێزدار سەید محەمەد سەمەدی بە زمانی فارسی بڵاو کردۆتەوە کە سەردێرەکەی بەم چەشنەیە : "غار آبی سهولان مهاباد".

پێشتر ژاک دومۆرگان سەری ئەشکەوتەکەی دابوو(١٨٩٢ تا ١٨٩٩) و بۆ یەکەم جار هەندێک زانیاریی سەبارەت بە ئەشکەوتەکە لە کتێبی "مەئموورییەتی زانستی" دا ڕاگەیاندبوو (بەشێکی ئەم کتێبە بە ناوی "جوغرافیای غرب ایران" لە لایەن "دوکتۆر کازم وەدیعی" یەوە تەرجەمە و چاپ کراوە). درەنگتر هەیئەتێکی ئەشکەوت پێوی زانستگەی ئۆکسفۆردی بریتانیا سەردانی ئەشکەوتەکەیان کردبوو و چەند کەسێتریش بابەتیان لەسەر نووسیبوو.

وتاری سەمەدی ئاماژەیەکە بە دوو کاری یەکەم، ئینجا هەندێک زانیاری سەبارەت بە ئەشکەوتەکە، جنسی بەرد، ڕادەی گوشاری هەوا، تەڕایی و بەرزیی شوێنەکە لەچاو بەرزایی دەریا. ئەو زانیارییانە گەلێک سەرەتایین بەڵام بۆ نووسینی دواتری مێژووی بۆکان و ناوچەکە بە سوودن، بەتایبەت کە نووسەر ڕاستەوخۆ سەردانی شوێنەکەی کردوە و نەقشەی ناوەوەی ئەشکەوتەکەی کێشاوەتەوە و شوێنایەتی ئاوەکە و "کونە کۆتر" و "کونە ماڵان" ی دیاری کردوە.

ئەشکەوتی سەهۆڵان لە نزیکی گوندی عیساکەند هەڵکەوتووە لەسەر ڕێگای بۆکان و مەهاباد.

سید محمد صمدی، "غار آبی سهولان مهاباد"، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٨٧، ساڵی هەشتەم، ١٣٨٧[٢٠٠٨]، ٥٩ لاپەڕە، فارسی